رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری کشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7– 2000 بڵاوبۆتەوە...**ژمارە**(253) **یەکشەممە** 2014-12-21

پەیوەندیەکانی تورکیاو ئەڵمانیا بەرەو ئاڵۆزی دەڕوا

دوای ئەوەی بە بڕیاری دادوەر و بە تۆمەتی سیخوڕیکردن دوو تورک لە فڕگەی فرانکفۆرتی ئەڵمانیا و تورکێکی دیکەش لەنێو ماڵەکەی خۆی لە هەرێمی راین وێستقالیادا دەستگیر کران گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان حکومەتی ئەنکاراو بەرلین هاتە ئاراوە. جێی ئاماژەیە پێشتر پەیوەندی تورکیا لەگەڵ هەر دوو وڵاتی دانمارک و فەرەنسا گرژی تێکەوتبوو.

لایەنە سیاسیەکان جەخت لەسەر یەکڕیزی و پێداگری لەسەر پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەنەوە

کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠-١٢-٢٠١٤ لە هۆتێل چوارچرای شاری هەولێر حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بۆ تاوتوێکردنی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان کۆبوونەوە.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوانەی کە ماوەی چەند مانگێکە لایەنە سیاسیەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان ئەنجامی دەدەن، دوێنێ شەممە ٢٠-١٢-٢٠١٤ (٥٦) لایەنی سیاسی هەرچوار پارچەی کوردستان کۆبوونەوە. ڕۆژەڤی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان بەتایبەتیش ڕاگۆڕینەوە سەبارەت بە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی و چۆنێتی ئافراندنی یەکگوتاری سیاسی کوردستانی و یەکسەنگەری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش ، هەر بەو یەکسەنگەریەشە کە ئێستا لەبەرانبەر هێزو ورەی پێشمەرگە بەچۆک داهاتوو، چەتەکانی داعش لەشەڕەکاندا خۆیان ناگرن و بەچۆک دادێن.

لایەنە سیاسیەکان لە کۆبوونەکەدا جەختیان لەسەر یەکڕیزی نێوانیان کردەوەو هەروەها کۆبوونەوە پێداگری لەسەر ئەوەکرد کە دەبێ هەوڵ و تواناکان لەگەڵ وڵاتانی جیهان بخرێتەگەڕ تاوەکو گوشار لە تورکیا بکرێ، هەم ڕێزدار عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئازاد بکرێ، هەمیش وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان بهێنن دەرێ.

کۆبوونەوە ڕەوشی شەڕی بەرخۆدان و بەرگری دژ بە داعش بەرز نرخان و دەسخۆشی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد هەروەها بەبۆنەی ڕزگارکردنەوەی شنگال و ناوچەکانی دیکە پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان بەتایبەتیش لە ئۆلی ئیزدی کرا.

کۆبوونەوە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەمبەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆزی زیندانیە مانگرتووەکاندا شەرمەزار کردو داواکار بوو کەهەرچی زووترە کۆتایی بە شەپۆلی لەسێدارەدانی زیندانیان بهێنێ.

هەروەها کۆبوونەوە پشتیوانی خۆی بۆ بەرخۆدانی ڕۆژئاوای کوردستان دووپات کردەوەو ئەو بەرخۆدانەی گرنگ و بایەخدار نرخاند کە ئەمڕۆ لە کۆبانێ بەهاوبەشی لەنێوان هێزی پێشمەرگەو یەکینەکانی پاراستنی گەل دژ بە داعش بەڕێوەی دەچێ.

کۆبوونەوە جەختی کردەوە کە دەبێ شێلگیرانە ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی بکرێ و چیتر کات بەفیڕۆ نەدرێ، بۆ ئەم مەبەستەش بەباش زاندرا کە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ سکرتێر و سەرۆکی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کۆبێتەوەو بۆ ئامادەکاری پێویست ڕێکاری گونجاو بگیرێتەبەر.

لایەنە سیاسیەکان جەختیان لەسەر بەردەوامبوونی ئەو کۆبوونەوانە کردەوە و بۆ یەکڕیزی و یەکهەوڵیوستی بەهەنگاوێکی ئەرێنیان دانا.

لە کۆتاییدا بۆ ڕاپەراندنی کارو چالاکیەکانی سێ مانگی داهاتوو لیژنەیەکی ١٥ کەسی بۆ نوێنەرایەتیکردنی لایەنەسیاسیەکان دەستنیشان کرا.

شیعەکان دژایەتی دەکەن و سوننەکانیش لەهەولێرەوە پێداگری لەسەرداگیرکاری خاکی کوردستان دەکەنەوە

ڕۆژی ١٨-١٢-١٢٠٤ لەژێر دروشمی دژایەتیکردنی "تیرۆرو توندڕۆیی میلیشیاکان" بەبەشداری ١٢٠٠ کەس، کۆنگرەی هێزەکانی عەرەبی سوننە لە شاری هەولێر، بەڕێوەچوو. هەرچەندە تێکڕای سوننەکان هاوڕانەبوون و سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و پارێزگاری سەلاحەدین و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتیە سوننەکان بەشداریان تێدانەکرد بوو، کۆنگرەکەش بۆ سپیکردنەوەی ڕووی عەرەبی سوننە بوو لە هێنان و هاوکاری کردنی داعش، بۆیە کۆنگرەکە بەناچاری جەختی لە دژایەتی کردنی داعش کردەوەو ڕایگەیاند کە نابێ داعش و سوننە پێکەوە گرێبدرێن!

عەرەبە سوننەکان هەستیان بە مەترسیەکانی مانەوەی داعش کردوە، لەوەش دڵنیابوونەتەوە کە ئەو وڵاتانەی کە بەڵێنیان دابوو تا سەر پشتیوانی لە داعش و دەوڵەتی سوننە بکەن، ئێستا لەژێر گوشاری ئەمریکاو ئەورووپا پەشیمان بوونەتەوەو بە خشکەیی پاشەکشەیان کردوە، بەوهۆیەشەوە داعش بەرەو لەناوچوون دەڕوات،

هەرچەندە کۆنگرەکە لە هەولێر بەڕێوەچوو، بەڵام سوننەکان جەختیان لە پاراستنی ناوچە دابڕێندراوەکان کردۆتەوەو بەڵێنیان داوە تا مردن بۆ هێشتنەوەی کەرکوک لە نێو هەرێمەکەی خۆیاندا شەڕ بکەن، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی بەستنی ئەو کۆنگرەیە لە شاری هەولێر جارێکی دیکەش بەشێک لە شیعەکان نیگەرانی خۆیان پێشانداوەو بەستنی ئەو کۆنگرەیەیان بە دژایەتی کردنی خۆیان لێکداوەتەوەو کوردیان بە هاوبەش ناوبردوە. دەوڵەت یاسا ئەو کۆنگرەیە بە دژایەتی دەستور لێکداوەتەوە.

ڕۆژەڤ

کوردستانیان بەخۆشحاڵیەوە پێشوازیان لە حکومەتی بنکە فراوان کرد، پێیانوابوو کە ئەگەر بزووتنەوەی گۆران و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بەشداری لە پێکهێنانی کابینەی حکومەتدا بکەن، ئیدی کێماسیەکانی دامەزراوەکانی حکومەت و گەندەڵیەکان کۆتاییان پێدێ و بە کردەوە حکومەتی هاووڵاتی دەستبەکار دەبێ، بەڵام ئێمە وەک حزبی ڕزگاریی کوردستان پێمانوابوو تێکەڵاوکردنی سەنگەرە جیاوازەکان لە پێکهێنانی کابینەی حکومەتدا زیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێ و هێزێک بۆ چاودێرێکردن بەسەر کارەکانی حکومەت و لو قادرانی گەندەڵیەکان نامێنێتەوە.

بێگومان حکومەتێکی بەهێز لەبەرانبەر ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز سەرهەڵدەدا، بەڵام کاتێک هێزی ئۆپۆزیسیۆن بۆ پلەو پۆست دەخزێتە نێو کابینەی حکومەت و بەوهۆیەشەوە لەبەرانبەر کێماسی و گەندەڵیەکان ورتەی لێوەنایەت، حکومەت بە لاوازی ڕۆڵی خۆی کایە دەکات وا خەڵکیش زیانی پێدەگات.

ئێستا بەبەرچاوی هەمووانەوە لە پێکهێنانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی نەک هەر سەربەخۆیی لێسەندرایەوە، بەڵکو بە حزبی کرا و بەرەو چارەنووسێکی تاریک پەلکیش کرا، بەو هۆیەشەوە خەون و ئاواتەکانی خەڵک کە لەسەر حکومەتی بنکەفراوان هەڵچنرابوو، ڕووخێندراو پوکێندرایەوە.

حکومەتی هەرێم هەمیشە هەوڵیداوە نەیارو ئۆپۆزیسیۆنی نەبێ، بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر بەرژەوەندی گشتی باجی بە هەندێ حزب داوەو شوێنپێی خۆی پێ قایمتر کردووە. ئێستا بۆ کوردستانیان خۆیا بووە کە حکومەتی بێ ئۆپۆزیسیۆن بەرژەوەندی گشتی لەژێر پێدەنێ و تەنیا بۆ گەورەکردنەوەی بەرژەوەندیەکانی حزب کاردەکات، بۆیە دەبێ لە قاو بدرێ.

چاو بەلیستی تیرۆر دەخشێندرێتەوە

بۆ لاپەڕە ٣

دەبێ خۆمان کێشەکان چارەسەر بکەین

بۆ لاپەڕە ٥

تەڵاق و کاریگەرییەکانی لەسەر داهاتووی منداڵ

بۆ لاپەڕە ٧